شێخ مارفی نۆدێ

(كَفْ) لەپی دەستە (خَدْ) کوڵمە(آكْحَلْ) چاوە ڕەشی بێ سورمە

(طَلْعَت) (مُحيّا) ڕوخسارە (نَهْر): ڕوبار[١] (شَطْ) کەنارە[٢]

(عُنُق) ئەستۆ[٣] (عارِضْ) ڕووە (بَيْضَة) هێلکە (فَرْخْ) بێچووە[٤]

(ذَنَب) کلکە (عُرْفْ) یاڵە (جُناح) گوناح (جَناح) باڵە

(غُرْفَة) لۆیچە[٥] (مُدْ) مستە[٦] (ذِراع) گەزە (شِبْرْ) بستە[٧]

(كَبِد) جەرگە (طحال) سپڵە (قَلْب) و (فؤاد) و (ضَمير) دڵە

(دُهْن) ڕۆنە (شَحْمْ) پیوە[٨] (تُراب) گڵە (رَمْلْ) لێوە[٩]

(ريق) و (بُصاق) و (رُضاب) تفە (زُبَدْ) کەرە (زَبَدْ) کەفە

(لِسانْ) زوبان (فَمْ) دەمە (نُخامَة) ئیسمی بەڵغەمە

(شابْ) جوانە (هَرِمْ) پیرە (قَوْسْ) کەوانە (سَهْمْ) تیرە

(مِخاطْ) چڵمە (لُعابْ) لیکە (لُقْمَة) پاروو[١٠] (لُبْنَة) تیکە

(اَخْمَص) پاژنە (هامَة) سەرە (إمْشِ) بڕۆ (تَعال) وەرە

(ثَغْرْ) دوو ددانی پێشینە (بُغْضْ) و (ضِغْن) و (شِحْنَة) قینە

(قِوام) قەدە (سُرَّة) ناوکە (أُمْ) ئیسمی دایك (أبْ) باوکە

---

(1)- چەم، ڕۆخانە (2)- کەناری دەریا (3)- گەردەن (4)- فرخ: بەچکەی پەلەوەر و باڵندە کە تازە لە هێلکە هاتبێتە دەرەوە (5)- لامشت (6)- مشت (750 گم) (7)- بونگوس (8)- پیو، چەوری حەیوان (9)- لم، زیخ (10)- پاروو، تیکە لە پاروو گەورەترە.

(رِقَبَةْ) عەبد و هەم گەردەنە (حَیاةْ) ژیانە (مَوْت) مردنە

(عُذارْ) زوڵفە (ساق) چی؟ لاقە (ذَقَنْ) چەناگە (فَخْ) فاقە

(صَلاةْ) نوێژە (آذانْ) بانگە (سَنَةْ) ساڵە (شَهْرْ) مانگە

(نَهارْ) ڕۆژە (لَیْل) شەو (نَوْم) نووستن (رُؤْیا) خەوە[1]

(نَجْم) و (کَوْکَبْ) ئەستێرەیە (رَغیف) چییە؟ کولێرەیە

(شَمْسْ) ڕۆژە (قَمَرْ) مانگە (دِرْهَمْ) درەم[2] (دانِق) دانگە

(أَرُزْ) برنج (شِلْب) چەڵتووکە (ثَقیل) گران (خَفیفْ) سووکە

(حَبْ) دانەیە (قَمْح) و (حِنْطَةْ) گەنم (صَقیع) سێخوار[3] (نَدا) شەونم

(مِرارَةْ) ئیسمی زراوە[4] (عَصْفِ مَأکول) کای خوراوە

(جَوْز) گوێزە (لَوْز) چوالەیە[5] (مُحْوِلْ) طیفلی یەك ساڵەیە

(بُزاق) تفە (ضِرْس) خرییە (دِرْع و ذَرْد) چی؟ زرییە

(أَعْمی) کوێرە (أَصم) کەڕە (مَعَزْ) بزنە (نَعْجَة) مەڕ

(ذَهَبْ) زێڕە (فِضَّة) زیوە (جَبَلْ) کێوە (وادِي) شیوە

(تَیس) تگەیە (کَبَش) بەرانە (صَعْب) سەختە (سَهْل) ئاسانە

---

(1)- نَوْم واتا خەوتن. رُؤْیا واتا خەوبینین (2)- پارەی قەدیم، زیو (3)- شتێکی سپییە وەکو بەفر لە پاییزدا کە هەوا سارد دەکات بە شەودا دەکەوێتە سەر زەوی . کەمێ هەوا گەرمی کرد نامێنێت، لە زمانی هەورامیدا پێی دەڵێین ئاڵشتە. (4)-تاڵە، کیسەیەکی سەوزە ئاوێکی تاڵی تیایە لکاوە بە جگەری گیانلەبەرانەوە (5)- ددانی کاکیلە.

(أَبيَضْ) سپی (أَسوَدْ) ڕەشە (أزرَق) شینە[1] (نَصيبْ) بەشە

(أَصْفَرْ) زەردە (أَحْمَر) سوورە (قَريبْ) نزیك (بَعيدْ) دوورە

(أحوى) ڕەشە[2] (أَخْضَر) سەوزە (حالِكْ) ڕەشە[3] (طُحْلَب) قەوزە

(شَجَرْ) درەخت (حَجَرْ) بەردە (دَواءْ) دەرمان (داءْ) دەردە

(خُفّ) چی؟ مەسحە[4] (مِداس) سۆڵە[5] (عامِرْ) ئاوا (غامِرْ) چۆڵە

(شاةْ) مەڕە (جَذَع) شەکە (شَكّ) و (رَيبْ) و (مِرْيَةْ) شکە

(نَعْل) و (خِذاءْ) ئیسمی کەوشە، بڵێ (بَنَفْسَج) وەنەوشە

(نَرْجِس) نێرگس (أُدم) چەرمە[6] (زَهرة) گڵۆك[7] (حَياء) شەرمە

(عُشْب): گیایە (حَشيشْ) پووشە (حَيَّة) مارە (فأرَة) مووشە

(خَروُفْ) بڵێ: بەرخی نێرە (خَروفَة) مێیە (ضِرْغام) شێرە

(حَمَلْ) یا شەکە یا بەرخە (بَيعْ) مامەڵە (سِعْر) نرخە

(طاهِرْ) پاکە (نَجِسْ) پیسە (حَبْل) و (رَسَن) چی؟ گوریسە

(طالِحْ) خراپ (صالِحْ) چاکە (ثَروَة) دەوڵەت[8] (ثَرى) خاکە[9]

(كِبْريت) گۆگردە[10] (جَصْ) گەچە (قَمْل) ئەسپێ[11] (بُرغوثْ) کێچە

---

(1)کەوە، ڕەنگی ئاسمانی (2)ڕەشێکی مەیلە و سەوزە (3)تەواو ڕەش (4)خُف: جۆرە کەوشێکە لە چەرم دروستکراو، نوێژخوین دەتوانێت بیکاتە پێی لە باتی شۆردنی پێ مەسحی بکات بۆ ماوەی یەک ڕۆژ. (5)سەرپێیی (6)پۆستی گا و حەیوانی دیکە کە خۆشە کرابێت. (7)خونچەی درەخت و گیا. (8)سامان و دارایی (9)گۆڕ، گڵکۆ (10) شقارتە (11)سپێ، ڕشک.

(مِرآة) وَ (سَجَنْجِل) ئاوێنـه (مِثْل) و (شِبْه) وَ (نَظِير) وێنـه[١]

(رَبْـوَة) و (تَلَّـة) تەپۆڵكەيــه (أسْـطُوانَة) كۆڵەكەيــه

(حَرْب) و (وَغى) و (هَيْجاء) شـەڕە (يابِس) وشـكە (رَطْب) تـەڕە

(ذُباب) مێشە (نَحل) هەنگە (أفْيُون) ترياكـە[٢] (بَنْج) بەنگـە[٣]

(كثيب) چـى؟ تەپۆڵكـەی ليـوه[٤] (نُصار) ئـاڵتون (لُجَين) زيـوه

(عَسْجَد) جەوهـەرە[٥] هـەم زێـڕە (طِرْس) كاغـەزە (سَطْر) دێـرە

(دَيْجور) و (داجى) شەوی تاريكە (غَليظ) ئەستوورە (دَقيق) باريكە

(أعْوَج) خوارە[٦] (قَويم) ڕاستە (رَوْب) و (رائِب) و (خاثِر) ماسـتە

(رَدِئ) خـراپ (جَيِّـد) چـاكە (خَبيـث) پيســه (نَظيـف) پاكـه

(اُطْـرُوش) كـەڕە (ضَرير) كـوێرە (غَرْثـان) برسـى (شَبْعان) تێـرە

(بَحْر) و (دَأماء) و (يَمّ) دەريايە (أخْت) ئيسمى خوشـك (أخ) برايـه

(شَحيح) و (لَئيم) و (بَخيل) ڕژدە[٧] (بَشارَة) و (بُشْرى) مـوژدە

(فُلْـك) و (سَـفينَة) كەشـتيە (ذِبْـح) و (ذَبيحَـة) قوربانييــه[٨]

---

(1)- هاولـف و هاوتـا (2)- شـيرەيەكە لـە گيـای خەشـخاش دەگيرێـت، لە پزيشـكيدا زۆر كەڵكـی لـێ وەردەگيرێـت. (3) گەردێكە لەگەڵای (شـاهدانە) دەگيرێـت، وەك تووتن دەكرێتـە سـەرقليان و دەكێشـرێت و پێشـی دەڵێـن (حشـيش). (4)- كـۆگاو تەپێ لم و ماسـە. (5)- زەڕ و گەوهـەر وەكـو: ياقوت و مـرواری. (6)- لار و وێـر، چەوت. (7)- مـاڵ خۆشەويسـت، چـرووك. (8)- حەيوانێـك ئامادەكرابێت بۆ سـەربڕين.

(سُلَّم) پەیژە[١] (سَریر) تەختە (جَدْ) گەورەیی (رِزْقْ) بەختە

(جَدْ) هەم باپیرە (جَدَّة) نەنکە (دَقیق) ئاردە (رقیق) تەنکە[٢]

(رَمْس) و (قَبْر) و (جَدَثْ) گۆڕە (عُقابْ) هەڵۆ (دُرّاجْ) پۆڕە[٣]

(شَبّ) چی؟ زاخە[٤] (عَفَص) مازوو[٥] (أدَهم) ڕەشە (أبْلَقْ) بازوو[٦]

(لَیْث) و (حَیْدَرْ) و (ضَیْغَمْ) شێرە (بَعْلْ) شەوهەر[٧] (فَحْلْ) نێرە

(بازی) بازە (باشِقْ) واشە (طِحْنْ) ئاردە (رَحی) ئاشە

(نَزْر) و (یَسیر) و (قَلیل) کەمە (کَثیر) زۆرە (جَمیع) هەمە

(بِساط) بەڕە (لِحاف) لێفە (فِرْصاد) تووە (تُفّاح) سێفە

(طین) و (وَحَل) بڵێ قوڕە (عَنْز) بزنە (ضَأْنْ) مەڕە

(حَطَب) هێزم (خَشَب) دارە[٨] (عَقْرَب) دووپشك (ثُعْبان) مارە

(لَثْمْ) و (قُبْلَة) و (تَقْبیل) ماچە (حَدید) ئاسن (مِجْرَف) پاچە

(أصْل) گەورە (فَرْع) بچووك (مَلِكْ) پاشا جەمعی (مُلُوكْ)

(مِعْوَلْ) زەنگەن[٩] (مِنْجَلْ) داسە (جُفْنَةْ) کێلانە هەم کاسە[١٠]

---

(1) پەینجە، پلەکان (2) نەرم و ناسک، رقیق القلب یانی: دڵ ناسک. (3) باڵندەیەکە تۆزێک لە کەو گەورەترە. (4) خوێیەکی کانزاییە، سپی و ڕەش و شینی هەیە، لە پزیشکیدا کەڵکی لێ وەردەگرن. (5) بەری دار مازوو کە بۆ کاری چەرم خۆشکردن بە کاری دەهێنن. (6) خەت خەتی، ڕەش و سپی. (7) مێرد (8) دار و چێو بەتێکڕایی. (9) پاچی دوو سەر. (10) هەم کێڵانی شمشێر و خنجەرە و هەم دەفری گەورە یا کاسەی دۆ.

(نُعاس) و (سِنَةْ) وەنەوزە (أشْهَبْ) بەڵەك (أشْمَطْ) بۆزە

(عتيق) كۆنە (جَديد) تازە (غَنْج) و (دَلال) و (دَلْ) نازە[١]

(هِلالْ) مانگی یەك شەوەیە (حَفيدْ) و (حافِدْ) نەوەیە[٢]

(بَدْرْ) مانگی شەوی چاردە (وِرْد) و (شَبَم) ئاوی ساردە

(حَميم) و (سَخِين) ئاوی گەرمە (خَشِنْ) زبرە (لَيِّن) نەرمە

(عَمْ) ئیسمی مامە (خال): خاڵە (أكْمَه) كوێرە (أخْرَس) لاڵە

(عَمَّة) پوورە خۆشكی باوكە (خالَة) پوورە خوشكی دایكە

(ضَيْف و نَزيل) چی؟ مێوانە (مَجْنُون) و (مَفْتُون) دیوانە[٣]

(عام) و (حَوْل) و (حِجّة) ساڵە (أسبُوع) حەفتە (نَشَب) ماڵە[٤]

(غَنَم) ئیسمی بزن و مەڕە (بِنْت) و (أِبْن) كچ و كوڕە

(دَلْو) و (سَجْل) و (ذَنوب) دۆڵچە (خِنْزير) بەرازە (دُبّ): ورچە

(دِعامَة) و (سارِية) ستوون (قَرْن) شاخە، جەمعی (قُرُون)

(حُلْبَة) شملی[٥] (كمّون) زیرە[٦] (بَصَل) پیازە (ثُوْمْ) سیرە

---

(1)- نازكردن. (2) كوڕەزا، كوڕی كوڕ.

(3)- بێ عەقڵ، شێت.

(4)- سامان و دارایی.

(5)- شتێكە بۆن خۆش وەك زیرە دەكرێت بەسەر كولێرە و بەسەر پڵاودا.

(6)- بەری گیایەكی زەردە دەكرێت بەسەر پڵاودا، زیرەی كرمان بەناوبانگە.

(عِنَب) تـرێ (تـين) هـەنجیرە (قَيْـد) و (سِلْسِـلَة) زنجـیرە

(والِـدَة) دایکـە (والِـد) بابـە (نَـوم) و (رُقـود) و (کَـری) خوابـە

(هُجُوع) و(وَسَن) و(رقاد) خەوە (صَرْع) چی؟ فێیە (کابُوسْ) شەوە[1]

(ذَنـب) و (اِثْـم) و (حَـرَج) گوناهـــ (لُؤْلُـؤ): دڕە (کَـلأْ): گییـاە

(حُجَّة) و (بُرهان) و (سُلْطان) دلیل[2] (مَلِك) پادشا (صاغِر) زەلیل

(رائِحَـة) بۆیـە (رِیـح) بایـە (وَرَق) گـەڵا (تِـبْن) کایـە

(ریح) هـەم بۆیـە (وَرْد) گوڵـە (بال) ئیسمی حاڵـە[3]، هـەم دڵـە

(شَذا): بـۆی خۆشـە هـەم (اَرَج) و(مُهْجَة) ڕۆحـە جـەمعی (مُهَـج)

(شَـلْجَم) شـێلم (فِجْـلْ) تـوورە (دانـی) نزیـك (نـائی) دوورە

(عَرْف) و (نَشْر) هـەم بـۆی خۆشـە (ثَمْر) مێـوە (عُنقـود) هۆشـە

(عَسَل) هـەنگوین (شَمْع) مێـوە[4] (مَنّ) گەزۆیـە (کَـرْم) مێـوە[5]

(حُلْـو) شـیرین (مُـرّ) تالـّـە (مِجَـنّ) و (جُنَّـة) مەتالـّـە[6]

(دار) خـانووە (سَـقْف) بانـە[7] (سَـطْح) سـەربان (مِـشْط) شـانە

---

(1) مێر دەزمە. ئەوەی لە شەودا سواری ملی ئینسان دەبێت. ڕەمزی ترس و سامناکییە.

(2) بەڵگە، ئەوەی شتێکی پێ سابت بکرێت یان بچەسپێت.

(3) بارودۆخ، ئەحواڵی ئینسان. (4)- مۆم.

(5) داری مێو. (6)- سپەر، قەڵخان.

(7) ئەو بەشەی لە خانووکە بەدار و چیو یا ئاسن سەر دەگیرێت.

(جِدار) دیـواره (بَیْـت) ماڵـــه (أَسَـلْ) ڕمـــه (تُـرْس) مەتاڵـــه

(نُحـاس): مســـه (رُصـاص) مـــزه[١] (شـارِق) ڕۆژه (سـارِق) دزه

(هُنــا) لێـــره (ثَـــمَّ) لـــەوێ (مــاذا تُریـــدُ؟) چـیت دەوێ؟

(نُـورَة) قســـڵه[٢] (تُـراب) گڵـــه (لُغـز و مُعَمَّــا) مەتەڵـــه[٣]

(شَجو) و (شَجَن) و (أَسَف) حوزنه[٤] (ضـائن) مـەڕه (مـاعِز) بزنـه

(رُمْـح) و (قَنـاة) بڵـێ ڕمـه (تَثْریـب) لۆمـه (هِجْـوُ) زەمـه

(غَـدیر) گـۆلاو (بُرْكَـة) برکـه[٥] (صَهْباء) شـەراب (خَـلّ) سـرکه

(خَمْـر) و (مُدامَــة) شـــەرابه (یَتـیم) منــدالّی بـــێ بابـــه

(فـارِغ) خـالّی (مَشْـحُون) پـڕه (سَلیلَة) کـچ (سَـلیل) کـوڕه

(جِلْد) و (مَسْك) بڵـێ: پۆسـته (عَـدُوّ) دوژمـن (صَدیق) دۆسته

(واحِـد) یەکـــه (اِثْـنَین) دووه (حَـیّ) زینـــدووه (مَیْـت) مـــردووه

(ثَلاثَـــة) ســێیه (أَرْبَعَـة) چـواره (مائَـة) ســەده (أَلْـف) هـــەزاره

(خَمْسَةْ) پێنجه (سِتَّة) شەشه (سَهْمْ) و (خَلاق) و (نَصیب) بەشـه

---

(1) قوڕقوشم.

(2) ئاهەک، واجبی کە بۆ لابردنی موو بەکاری دەبەن.

(3) قسەیەکە پێچ و پەنای تیابێت و ئینسان زوو نەیزانێت.

(4) خەم و خەفەت، ماتەم.

(5) حەوزی بچووک.

(سَبْعَة) حەوتە (آجُر) خشتە (ثمانِيَة) بلّێ هەشتە

(تِسْعَة) نۆیە (عَشَر) دە (خَيِّر) چاكە (شَرير) بەدە

(عِشرُونَ) و(عِشْرين) بیستە (اَلآن) و (أنِفاً) ئێستە

(ثَلاثُونَ) و (ثَلاثِينَ) سییە (كِشْمِش) كشمیش (مِشْمِش) قەیسیە

(اَربعُونَ) وَ (اَرْبعينَ) چلە (كُعَيْت) و (هُزار) ئیسمی بولبولە

(خمْسونَ) و (خمْسينَ) پەنجایە (يَنْبُوغ) چەشمە[١] (مَوْضِعْ) جایە[٢]

(سِتُّونَ) و (سِتِّينَ!) شەستە (صاحى) هۆشیار (سُكْران) مەستە

(سَبْعُونَ) و (سَبْعينَ) حەفتاد (وَتَد) مێخە، جەمعی (أوْتاد)

(ثَمانُونَ) و (ثَمانِينَ) هەشتاد (تِلْميذ) شاگرد (اُسْتاذ) ئوستاد

(تِسْعُونَ) و (تِسْعِينَ) نەوەد (عِوَج) و (أوَد) كەچی بووەد[٣]

(تِبْر) شووشەی زێر و زیوە[٤] (عَلَمْ) بەیداخە هەم كێوە

(نَوْح) و (نِياح) گریە و زاری (تُحْفَة) و (هديّة) دیاری

(ظَبى) و (غَزال) و (ريم) ئاهوو (جَمَد): سەهۆڵ (خَسْ) كاهوو

---

(1) كانی، چاوگ.

(2) جێگە، شوێن.

(3) لار و چەوتی.

(4) شمشی تەلا و زیو.

(قَطيع) مێگەل[1] (راعی) شوانە (اِدام) پێخۆر (خَوانْ) خوانە[2]

(بَكـاء) گریانـە (لَـوْح) تەختـە (نَحْب و (نَخیبْ) گریـەی سـەختە

(كـوُب) گـۆزەی بـێ دەسـت و لوولـە (بَـق) و (بَعُوضَـة) مێشـوولە

(جَوالیـق) ئیسـمی جەوالّـە (تُـرْس) و (دَرَق) چـی؟ مەتالّـە

(قَصْـوَرة) و (حیـْدَرة) دیّلـە شـێرە (حَرْبَـة) زەرگـە (سَـیْف) شمشـێرە

(حُسـام) شمشـێری برِنـدە (شَـنء) كونەیـە (بومَـة) كونـدە[3]

(حَـرّ) گەرمایـە (قَـرّ) سـەرمایە (نَخْـل) و (نَخیـل) دار خورمایـە

(عَضْب) و (قَضیب) و (باتر) و (جَراز) شـیری بـڕان (صَـدا) ئـاواز

(عمیـق) قوولّـە (عَـریض): پانـە (جیـد): گەردنـە. (عـاتق) شـانە

(حِصْـن) و (أطْـم) چـییە؟ قەلاّتـە (بُطْـم) قـەزوان (خَلْعَـة) خەلاّتـە

(وِعاء) و (اِعاء) و (جِراب) زەرفە (رِبْح) و (رَبْـح) و (رَبـاح) سـەرفە

(غَـبْن) بلّـێ: تێشـكانە (مِـزْوَد) و (جِـراب) تویێشـوودانە

(غَضَـنْفَر) و (أُسـامَة) شـێرە (شُـجاع) و (باسِـل) و (بَطَـل) دلێـرە

---

(1) ڕانی مەڕ و مالاّت.

(2) سفرە و ئەوەی لەسەر سفرە دایدەنێن.

(3) كونە بوو.

(جَبان) شەخسی ترسنۆکە (شَهْد) هەنگوین (دِبْس) شۆکە

(سَنّوُت) زێرە هەم هەنگوینە (غَیْط) و (حِقْد) و (إحْنَة) قینە

(عُرْموط) و (کُمَّثْری) هەرمێ (فَرَس) ئەسپە چ نێر چ مێ

(وَتر) تاقە (شَفْع) جووتە (جُوعان) برسی (عُرْیان) ڕووتە

(عاری) ڕووتە (کِساء) بەرگە (کاسی) پۆشتە (مَنُون) مەرگە

(مِصْر و مَدینة) و (کورة) شارە (مَسْجِد) مزگەوت (سُوق) بازارە

(فُول) و (باقِلاء) و (لُوبیا) (باقلة) و (خَفَر) حیاء

(جَسَد) هەم (جِسْمان) بەدەنە (شُعوب) و (مَنِیَّة) مردنە

(دُخان): دووکەڵ (ضُباب) تەمە (شَرَر) پزیشک (کیر) دەمە

(کُور) کوورەیە (نار) ئاگرە (قَیْن) و (حَدّاد) ئاسنگەرە

(صُوف) خوریە (وَبَر) کورکە[1] (صدَأْ) ژەنگە (دَرَن) چڵکە

(اَحْوَل) خێلە (اَبْکَم) لاڵە (طِفْل) و (صَبی) چی؟ منداڵە

(فَجّ طریق) و (سَبیل) ڕێیە (بَلَد) شارە (قَرْیَة) دێیە

---

(1) خوری وشتر و کەروێشک، پەشم.

(دَرْب) و(لَقم) و(صِراط) ڕێگە (مَكان) و(مَعان) و(مَحَلّ) جێگـە

(ضَبْع) و (حَضاجِر) کـەمتیارە (لُجَّة) دەریـا (سـاحِل) کـەنارە

(سَعْلاة) و (غُـول) بلـێ: حۆلـە[1] (حَمْل) و (جَنين) چییە؟ ڕۆڵـە

(قَصْب) و(يراعة) قامیشـە (صَنْعَت) و (ضَيْعَة) و (حِرْفَة) پیشـە

(حِمْـل) بـارە (عَـدْل): تابـارە (حَبْـر) عـالِم (رَئـيس) سـەردار

(طَرْفـاء) گـەزە (غَـرَب) پەڵگـە (خِـلاف) بییـە (وَسَخ) چـڵکە

(فَطِـين) و (ذَكـي) زیرەکـە (عَمُـود) و (عِمـاد) تیرەکـە[2]

(بَـرَد) تـەرزە (ثَلْـج) بـەفرە (مائِـدَة) و (سُـفْرَة) سـفرە

(غَبـي) و (بَليـد) کەودەنـە (إبْصـار) و (رُؤيَـة) دیدەنـە

(ظَـنّ) گومانـە (فِكْـر) ئەندیشـە (أَجْمَـة) هـەم (غابَة) بێشـە

(صاع) ڕبەیە[3] (قَفيـز) کـەوە (غُمْص) و (مَنـام) و (سُباة) خـەوە

(بَـرْد) هـەم خـەوە هـەم سـەرمایە (عِـذْق) هێشـووی دار خورمایـە

(واسِـع) فـەرەح (ضَيّق) تەنگـە (سِلْم) ئاشـتی (قِتـال) جەنگـە

---

(1) مەوجوودێکی خیاڵی یە وەکو دێو.

(2) کۆڵەکەی ناوماڵ.

(3) مەن، پەیمان یەک بووە بۆ پێوانی دەغل و دان.

(نَعَمْ) بۆ چوار حەیوان ناوە بزن و مەڕ و وشتر و گاوە

(غِربال) و (مِنْخُل) هەر دوو بێژن بەوەی چشتی پێ دەبێژن

(ضُحی) چییە؟ چێشتەنگاوە (ضَحاء) ڕۆژە (خُطْوَة) هەنگاوە

(مِحجَن) گۆچانە (ظعن) کۆچە (صَحْراء) دەشتە (سِكَّة) کووچە

(سُكَان) کێردگەر[1] (سِكِّين): کێردە (حَليلَة) ژن (حَليل): مێردە

(صُدْغ) زولفە (حُفْنَة) مستە[2] (عَجْلان) چوستە (كسلان) سستە

(مُقْلَة) گلێنە (طَرْف) و (بَصَر) چاوە (عَمامَة) مێزەر (تاقية) کڵاوە

(قَباء) کەوایە (قميص) کراسە (سَراويل) دەرپێ (مِسْح) پەلاسە[3]

(مِكْعَب) چی؟ سۆلە (حِزام) پشتێنە (هِمْيان) هەمانە (وِكاء) زاربێنە[4]

(عَذَبَة) لفکەیە (كُمَة) کڵاوە (عِرْس) و (مَرْأة) ژن (رَجُل) پیاوە

(خِصْر) و (خاصِرَة) کەلەکە (مَجْذوم) شەخسی گول (أَبْرَص) بەڵەکە

(مِصْباح) و (نِبْراس) و (سِراج) چرایە (شَقيقَة) خوشکە (شَقيق) برایە

(هُدْب) برژانگە (جُفْن) پێڵووە (سِلْعَة) کووتاڵە (سَلْعَة) لووە[5]

---

(1) ئەو کەسەی کارد دروستدەکات.

(2) مشت.

(3) بەڕە، جاجم.

(4) پەتێکە دەمی مەشکە و شتی تری پێدەبەستن.

(5) کوتاڵ یانی قوماش . لوو: لک، جۆش، دمەڵ.

(مَهْد) بێشکەیە (قِماط) دەسرازە[1] (مِعْیار) ترازوو (مِقْدار) ئەنـدازە

(ضَرَب) شان هەنگوین سپی و ئەستوورە (بَهَج) و(مَسَرَّة) و(جَزَل) سروورە

(ضِلْع) پەراسوو (دَمـاغ) دەماغە (حـائِط) بیـسـتانە (حَديقـة) باغـە

(جَوْهَر) گەوهەرە (لُؤلُؤ) مرواری (مِنْسأة) عەسا (عُصْفُور): پاساری

(غِرْبال) بێژنگە (مُنْخُل) هێڵەکە (دُبّاء) و(يَقْطِين) و(قَـرْع) کوولەکە

(أُكاف) کورتانە[2] (سَرْج) چی؟ زینە (عِقار) و(ضَيْعَة) باغ و زەمینە

(عُقار) شەرابە (حـان) شەرابخانە (كَـأس) پیالـە (شـامَة) نیشـانە[3]

(أَشَلّ) دەستی شەل (أَعْرَج) پێ لەنگە (ناطِق) گۆیایە (صامِت) بێ دەنگە

(قَدُوم) تەشوێیە (فَأس) بڵێ تەورە (يَهُودِی) جووە (نَصْرانی) گـەورە[4]

(كُوز) گۆزەیە (اِبْرِيق) مەسینە (حامِضْ) ترشە (مُزّ) ترش و شـیرینە

(قِدْر) دیزەیە (أُثْفِيَة) کوچکە[5] (سِنُّور) و (قِطّ) و (هِـرَّة) کتکـە[6]

(حَمامَة) کۆترە (حَجَلَة) کەوە (غَثّ) و (هَزِيـل) لەڕ (سَمِين) قەڵـەوە

(زُرْزُر) ڕیشۆڵە (قَطا) کوڕکوڕە (خُطّاف) پەرەسێلکە (خُفـاش) شەب پەرە

---

(1) دەسپێچن.

(2) کۆپان.

(3) خاڵ. (4) گاور.

(5) بەردێ کە تیانەی لەسەر دادەنێن.

(6) پشیلە.

(أَرْنَب) کەروێشکە (فَهْد) ئیسمی یۆزە (نَسْر) سیسارگە (رُخام) پیرۆزە[1]

(ثَعْلَبْ) ڕێوییە (نَمِر) پڵنگە (بَطّ) چی؟ قازە (كُرْكى) قولنگە

(عِجْل) گوێرەکە (عَناق) چۆشتیرە[2] (اِصْطَبل الدَّواب) ناوی پشتیرە[3]

(سُكْر) مەستییە (اِغْماء) بێهۆشی (تَرَح) بێ کەیفی (فَرَح) کەیفخۆشی

(كَليل) شمشێری دەم پانی کولە (فَراش) پەپوولە (جَرادَة) کوللە

(خِياط) و (مِخْيَط) و (إِبْرَة) دەرزییە (قانى): چی؟ سوورە (خُضْرَة) سەوزییە

(جَمْرَة) پشکۆیە[4] (فَحْم) خەڵووزە (غُبار) و (قتام) و (قَتْم) چی؟ تۆزە

(خَشْيَة) و (فرَق) هەم (خَوْف) و (وَجَل) و (شَفَق) ترسانە هەم (جُبْن) و (فَشَل)

(تِرْياق) و (درياق) هەردوو تریاکە (حَنَك) مەلاشوو[5] (ذَقَن): چەناگە

(أَقْطَع) یەك دەستە (اَعْوَر) یەك چاوە (دينار) ئاڵتوونە (نَقْد) دەراوە[6]

(مَطَر) و (غَيْث) و (جَوْد) و (حياء) بارانە (خَريف): پایزە (شِتاء) زستانە

(صَيْف) و(قَيْظ) هاوین (رَبيع) بەهارە (باطِن) پەنهانە (ظاهِر) دییارە

(قِرْطاس) قاقەزە (وَرَق) چی؟ پەڕە (صَرْصَر) بای سەختە (رُخام) مەڕمەڕە

---

(1) بەردێکی کەوەی قیمەتییە.

(2) چیتر، بەچکە بزن.

(3) جێگای بەخێوکردنی ئەسپ و چارەوێ.

(4) سکڵ. (5) عاسمانەی دەم.

(6) پووڵی نەخت.

(عَبْهَر) نێرگس هەم یاسەمینە (مُسْلِم) موسوڵمان (زِنْدیق) بێ دینە

(إجاص) هەڵووژە (رُمان) هەنارە (ماشی) ڕۆیندە (راکِب) سوارە

(سَفَرْجَل) بەهێ (زُعْرُور) گوێژە (حِصْرِم): بەرسیلە[1] (زَبیب) مێوژە

(دابَّة) و(مَطِیَّة) ئیسمی وڵاخە(شَوْشَب) دووپشکە (ثُقْبَة) سوڕاخە

(یَمین) و(حلْف) و(قَسَم) سوێندە (وَعْظ) و (نصیحَة) و(مَوْعِظَة) پەندە

(دَبُور) ڕەشەبا (شَمال) شەماڵە(شَحْذ) و(مَسْئَلَة) و(سُؤآل) سووالە

(خَزَف) سواڵەتە (شَحَّاذ) سواڵکەرە (خَمیس) و(جَیش) و(جُنْد) و(عَسْکَر) لەشکرە

(خَرَز) مورووە (أُحْجِیَة): مەتەڵ (آدُر) شەخسی قوڕ (أَقْرَع) چی؟ کەچەڵ

(قَنَص) نێچیرە (وَهَق) کەمەندە (مِرْوَد) کلچێوە[2] (مِبْرَد) بڕبەندە

(صَید) نێچیرە (حِبالَة) داوە (جاری) ڕەوانە (راکِد) وەستاوە

(سرحُوب) ماینی کلک درێژە (قامُوس) دەریایە (غَمَرَة) گێژە[3]

(تَثاؤُب) باوێشك (عُطاس) پژمینە (خَضْراء) ئاسمان (غَبْراء) زەمینە

(کَفَل) و (رِدْف) ئیسمی کەفەڵە هەم (اِبْن آوی) ئیسمی چەقەڵە

---

(1)- هاڵە.

(2)- میلەی چاو ڕشتن.

(3)- گێژی دەریا.

(بُرْمَة) دیزەیە (مِرْجَل) مەنجەڵە (زَرْع) تووی چناو (سُنْبلَة) گوڵە

(تاجِر) بازرگان (طائِر): پەڕندە (میزاب) پلووسکە (سارِح) چەرەندە

(مِكْحَلَة) کلدان (كُحْل) چی؟ کلە (أثْمُسد) سورمەیە (قَفا) پشت ملە

(وَلُود) زایندە (عَقِيم) نەزۆکە (زُكام) هەڵامەت (سُعال) چی؟ کۆکە

(اُجاج) ئاوی تاڵ (عُذْب) ئاوی خۆشە (قَراح) ئاوی ساف (اِشْرَبْ) بینۆشە

(زَلال) ئاوێکە سارد و خۆش و ساف خۆش ڕەولە گەروو (طُنْب) بینۆشە

(سِلْسِل) و(سِلْسال) ئاوی خۆش و سارد (شَفْر) پیڵووە[1] (شَفْرَة) چییە؟ کارد

(حَجى، نَهْيَة، حِجْر، لُبّ) عەقڵە (ضِدْ) موخالیفە (ضِدّ و نِدّ) میسلە

(سُهْد و سُهاد و أرَق) بێ خەوی (ناحِل) لاغری (سَمين) قەڵەوی

(غَمامَة) هەورە (وَكْفَة) دڵۆپە (عُرْفُ الدِّيك) عەطایە (عُرْف) پۆپە

(ثَملان، نِشْوانْ) مەستی شەرابە (سُلافَة) شەراب (شِواء) کەبابە

(جَرْيال) شەرابە (عَجين) هەویرە (مُثْرى) دەوڵەمەند (صَعْلُوك) فەقیرە

گلێنەی چاو ئیسمی (حَدَقة) بە شۆربای گۆشتین دەڵێن (مَرَقَة)

---

(1) پیڵوو: جێگای سەوزبوونی برژان.

(سُلْف) بێچووە کەو (شَبْوَة) دووپشکە (شَصْر) بێچوو ئاسك (صَوآبَة) ڕشکە

(شبشب) گای پیرە (صُوار) گاگەلە (سُلْك) بێچووە کەو (طَلّی) کارژەلە

(سُمْسُمَة) ئیسمە بۆ مێروولەی سوور (سَمْسَمْ) ڕێوییە (سَمُّور) چی؟ سەمۆر

(سَمْط و سَلْك) چییە؟ ڕشتەی مرواری (نَتْن) بۆگەنە (غائِط) مرداری[1]

(قَنّاص و صَيّاد) نێچیرەوانە (رَهْط) هەر لە سێ هەتا نۆیانە

(ضَحْضاح) تەنکاوە (قُرْط) گووارە (فارِس) بە کوردی ئەسپ سوارە

(صُلْصُل و فاخِتَة) کۆترە باریکە (غاسِق و ساجی) شەوی تاریکە

(صارِخ) کەڵەشێر (شَوْخَة) کۆلارە (لِبْوَة) دێڵەشێر (شَنْف) گوارە

(شِبْل) بەچکە شێر (سَبُع) دڕندە (لَقْوَةْ) هەڵۆیە (قاطِع) بڕندە

(اِوَزّة) مراوی (شَقْوة) هەڵۆیە (وَطْب) مەشکەیە (مَخيض) چی؟ دۆیە

(حُلْم و عَقْلْ) خەوە هەم ئیحتیلامە (عَتيق) ئازادە (رَقيق) غولامە

(وَصيف وَصيفة) عەبد و جارییە (صَبِر) تۆ بڵێ تاڵی شارییە[2]

(تَمْر) قەسپە (رُطَب) خورمایە (جليد) سێخوارە[3] (صَرْ) سەرمایە

---

(1)- جێگای حەیوانی مردارەوەبوو، جێ خەوش و خاڵ، مەستەراح.

(2)- گیایەکە لە سەمەرەکەی دەرمانێک زەردرەنگ دروستدەکەن تامی تاڵە، بۆ دەرمانی گەدە و لابردنی کرم بە کاری دێت.

(3)- سەهۆڵ، یەخ.

(مِقْمَعَة) چەكوش (سَنْدان) سندانە (فَرْث) سیخورِە [1] (سَلا) پزدانە [2]

(بَعْرَة) پشكەڵە (رَوْث) شیاكە(قَرَنْقُل) مێخـەك (مِسْواك) سـیواكە

(دَرّ) چـیيە؟ شـیرە (ضَـرْع): گوانــە (تَوْئمَـةَ وَ تَـوْأم) بلّـێ دووانــە

(حائِك و حَيّـاك) ئیسمی جۆلاّيە (آنُـك) قـەلاّيی [3] (فـولاذ) پۆلاّيـە

(زَمْهَرير) مانگی سەختی سەرمايە(هَجير) نيوەڕۆی سەختی گەرمايە

(فَقْر و عُـدْم و اِقْـلال) فاقـە [4] (عَتُـود) كارژەلـە (سَـلْوى) شـیلاقە

(قُرْبَة) تاعەتە (قِرْبَـة) كوندەيـە (رَمَـق) دوواگيـان (عَـبْـد) بەندەيـە

(عُكْنَة) لۆچی سك لەبەر قەڵەوی (نَجْد) جێی بلّندە (وَهْـدَة) جێی نـەوی

(مِكْيال) ڕبەیە (میزان) ترازوو (اَبْقَعْ) هەم تـیرە هـەم سـەگی بـازوو

(قُنْفُذ) ژیركە (يَعْقُوب) كەوی نێر(سَميدَع و سيد) گورگ و نێرەشـێر

(مُدْلَهِمْ) و(غَيْهَب) تهەردوو تاریكە (غَليظ) ئەستوورە (رَقيـق) باريكـە

---

(1)- سەنێر مادامێ لە ناو ئەشقەمەدابێت.

(2)- رەحەم، منداڵدان.

(3)- سورب.

(4)- فاقە: هەژاری، نەبوونی، كەم شتی.

(5)- هەنگوێن: هەرشێكی خۆشێت، ناوی باڵندەیەكە بە فارسی پێی دەڵێن: (بلدرچین).

قەطعەیەکی تر لە بەحری رەمل فاعلات، فاعلات، فاعلات

(حِدَأة)کولارە (اَعْیاء)ماندگی (سَخْلَة)بەرخە (جُلّ)جلە (صِدْرَة)کەنار
(باب)دەرگا (عِقْد) گەردەنبەندی دوڕ(طِرْف)جوانوو (زِرّ)دوگمە (طاق)تار
(سُقْط)بالّ (ریش)پەڕ (زِق)مەشکەیە (جِیفَةَ)لاشە (نَحی)خیگە (عَدّ)شومار
(خَیْل) جمع اسبها و سوارەها (کَیْل)پێوان (وَزْن)کێشان (فَكّ)زار[1]
(ثَوْب)جامە (سِتْر)هەم (سُدل و سَجْف) هەم (کَنْف)پەردە (ضَبّ)سوسمار
(اُسْر)میزگیران (سِمْسِمْ)کونجییە (قِطْف)بەر (مُثْمِر)درەختی میوەدار
(مَهْمَة) و(قَفْر) و(مَفارة)هەم (فَلاة) (دَوّ)و(دَوِیّة)بیابان (شَوك)خار
(خَطْب)کاری گەورە (بَیْدَر)هەم (جَرین) ناوی خەرمان (فَوْج)پۆل (أمْر)کار
وەختی ئێوارە (عَشِیّة)هەم (أصیل) (فَوْق)ژوور (تَحْت)ژێر، چەپ (یَسار)
چەپ(شِمال) پێش (قُدّام) و(أمام) پشت (وَراء) و (قُدّام) و (خَلْف) دان همسایە (جار)
(أجْنَبی): بێگانە (جُذْری) ئاولە (غِصْن) هەم (فَرْع) و (فَنَن) چی؟ لقی دار
(سَمَكَة) ماهی است (یَرْبُوع) ڕزق (مِعْبَلَة) پەیکانی پان (تِنّین) گەورەمار

---

(1)- زار: دەم.

(2)- گیایەکی یەک ساڵەیە، گوڵی سپی و چەتری هەیە بە کاڵی و بە کوڵاوی دەخورێت، تووەکەیشی بۆن خۆشە.

(كُزْبَـرَة) گژنیـژ[٢] (نـادی) مەجلیســە (سِـرّ) پـەنهان (عَلَـن) چـی؟ ئاشـكار

(أَيْنَ)لە كویّ (مَنْ) كیّیە؟ (أيان)كەی؟ (اِنْ) ئەگەر (ما) چی؟ (مَتی) كەی (سَمّ) ژار

(فَيْـئ و ظِـلّ) چـی؟ سـیّبەرە (حَنـا) خەنـە (فاكِهَـة) میـوە بـووە (قِثّـاء) خـەیار

(ضِـفْدَعْ و نَقاقَـة) بۆقـە (ثَـورْ) گـا (نَحْـنُ): ئیّمـە (أنْـتَ) تـۆ (دُلْبَـة) چـنار

(حِـزب، سِـرْب، طائِفَـة، فِرْقَـة) گـروە (مَـرَّتَيْن) (مَـرَّة) یـەكبار و دووبـار

(طَـوْد) كیّـوە (قُلَّـة) و(قُنَّـة)فـوقی كیّـوە (اَمْـسِ)دویّنـیّ (عـام بـارِح)سـالّی پـار

(صَـوْمِعَة) مەعبـدی نەصـرانییان هـەم هەلّۆیـە (مَرْبَـع) و(مَنْـزِل) هـەوار

(حَبَّـةُ الخَضْـراء) بلّـیّ قەزوانـە تـۆ (وَعِـل) نیّـرە بزنـی كیّـوی (جَـدي) كـار

(غِمدْ)كیّلانـە (كِنانَـة)جەعبـەكیّش[١] (سَـمْرَة)چـی؟ داری خـاردار (كَهْـف)غـار

---

(1)- جەعبەكیّش جەعبەیەكە لـە پیست یـان لـە دار دروسـتكراوە لە زمانـی زوودا تیریان تیّدەخست.

قەطعەیەکی تر لە بەحری سەریع

(اَیْل) بزنە کێوی نێر (صَوْت) دەنگ (تُوت) تووە (شَیمَة) خووە[١] (لَوْن) ڕەنگ

(زَوْج) بود شوهر (زَوْجَة) ژنە (طَلْحُ) و (قراد) دەنگاست بە کوردی گەنە

(مُنِیّة و أمْنِیّة) چییە؟ ئارەزوو (خِرْز) دروون[٢] . (خَیْط) باشد دەزوو

چیست (جَزَر) گێزەر[٣] (مِنْسَف) شەنە (رَفّ): ڕەفەیە (کوّة) چییە؟ ڕەوزەنە

(دَمْع و مِدْمَع، عَبْرَة) فرمێسك (عِبْرَة) عەجەب[٤]، چیست: (شَرارَة)؟ پزیشك

(ثَدی) مەمك (حُلْمَة) گۆی مەمك (قَبیْحْ): کەوە[٥] (قَعْر): (غَوْر) چی؟ تەك

(بُرّ) گەنمە (دُخنَة) هەرزنە[٦] (بِرّ) چییە؟ ئیحسان (سِوار) بازنە

---

(1)- ئەخلاق.

(2)- دوورین.

(3)- هەویج.

(4)- تەعەجوب، سەرسوڕمان.

(5)- باڵدارێکی مەعروف و بەناوبانگە، کەوی کوێستان.

(6)- گاڵ.

قەطعەیەکی تر لە بەحری رەمل

(وَتَرْ) ژیٚ (وَطَر) حاجەت [1] (نَقی) میٚشک

(لِباء) ژەکی فرۆ [2] (أنفِخَة) فریشک [3]

(هِرَم) پیری (شَیْب) مووی سفید

(رِجاء، أِمل) هەم (مَل): ئومیٚد

(هَلَعَ) هەم (شَرَة) حیرصە (قُمَّل) گەنە

(جَمیل و بَهّي) خوب (ثُقْبَة) کونە

(سَری) رفتن شب (جَلی) روشن است

(خَفّی) ون [4] (خَمیس) ای پسر قشون است [5]

---

(1)- نیاز، ئارەزوو.

(2)- شیری حەیوانی تازە زاو.

(3)- هەوەڵین شیری حەیوانی تازە زاو، هەوینی پەنیٚر.

(4)- گووم بوو، شاراوە.

(5)- لە شکەر، سوپای وڵات.

قەتعەیەکی تر لە وەزنی رەقص

(زَأر زَئیر) دەنگی شێرە (رَیّان) چییە؟ تێراوی نێرە

(رَیّا): مێیە (ذَیْل) داوێنە (غَدْ) صبحەیە (أمْسِ) دوێنێ

(حَصی) چییە؟ بەردی بچووک (أنْوك) ئەحمەقە، جەمعی چی (نُوك)

(غُراب و غُداف) قەلەڕەشە (نُون) ماسیە (دامِس) ڕەشە

(ناحِل نَحیل و ضامِر) لەڕە (حَمأة) چییە؟ ڕەشە قوڕە

(عُنْصُل) پیازە خووگانە (مَنْهَل) چەشمە (مَعْدَن) کانە

(دَواة و مِحْبَرَة) دەوێتە[1] (كُمیْت) بلێ ئەسپی کوێتە[2]

(زَمادَ) چییە؟ خۆڵەمێشە (رَمَد) بەکوردی چاوئێشە

(أرْمَد و رَمْداء) چاوئێشاوە شانی ژنە ئەوەڵ پیاوە

(جامِد) وشکە (ضَخْم) ئەستوورە (نباح) وەرە (عَواء) لوورە

(عائِل) فەقیر و موحتاجە (نَهْب) چییە؟ تەخت و تاراجە[3]

(سُبْحَة) تەزبیح (صَرّ) بای سەختە (نَیّ) چی؟ کاڵە[4] (نَصیج) پوختە

(مارِن) چییە؟ نەرمە گوێیە (عَشاء) تەعامی شەوێیە[5]

(غَداء) تەعامی صوبحییە (نَعَم، أجَل، جَیر) وەیە

---

(1)- مەرەکەف. (2)- ئەسپێک کە ڕەنگی سووری مەیلەوتاریک بێت. (3)- تالان.

(4)- کاڵ نەکولیو. پوختە کوڵاو. (5)- شام، نانی ئێوارە.

(أَيْ بـوَاللهِ) وایـه بـهخودا (غَـزَل) ریسـه (طاقـة) هــهودا[1]

(بُخـار) ههڵمـه (عُجـاج): تـۆزه (مَلَـوَیْن) چـی؟ شـهو و ڕۆژه

(مِغْـزَل) تهشـی هـهم خهڕهکـه[2] (فَنَـك) بـه کـوردی دهڵهکـه

(حِبْـر و مِـداد) مهڕهکهبــه (حِضْـرَة و مَنْزِلَـة): مهرتهبــه

(حَبْحَب و رَقّی و دِبْسی) شـوتی (خَیْشوم) چـی لای ژووری لـووتی

(صَحاح و صَحیح): ساغ و دروست (مَقْطُوع)بڕاو (مَوصُول) پهیوهست

(صَدید) کێمه (وَرَم) ئامـاس (شَجی) مـهخزون (حافی) پێخـواس

(لِجام) لـهغاو (خِطـام) ههوسـار (راکِـب) بلّـێ وشـتر سـوار

(مِشْـكاة) تاقێکـه بـێ کـولێن (نَجیـع و دَم) بـهخوێن دهڵـێن

(عِنـان) چییـه؟ دهسـته جڵـهوه (مُقْمِـر) شـهوی مانگـه شـهوه

(سارِی) ئـهو کهسـه بـه شـهو دهڕۆ (رُقْعَـة، خَرْقَـة) هـهردوو پـهڕۆ

(غـالی) گـران (رَخیص): هـهرزان (عـالِم) دانـا (جاهِـل) نـهزان

(مَـدَر) کلـۆ[3] (أَقـط) کهشـکه (جـافّ، جامِـد) بلّـێ وشـکه

(سُور) شورایه[4] (حائط) حهساره (حدیث) سوخهن (مِسْمار) بزمـار

(جَدیـد) تـازه (قَـدیم) کۆنـه (مَشـحُون) پـڕه (دُهْـن) ڕۆنـه

---

(1)- کلافه، کلۆڵه بهن، گله دهزوو.

(2)- چهرخی بهن ڕستن.

(3)- کلۆخاك.

(4)- حهساری دهوری شار.

(الباب الثانى في ترجمة الافعال)

بابی دووەم لە وەرگێڕانی فیعلەکاندا

(سَبَق) پێشکەوت (نَظَر) ڕوانی (أَخَذ) گرتی (أَكَلَ) خواردی

(ظَهَر، لاح، بَدا) دەرکەوت (عَرِفَ) ناسی (بَعَث) ناردی

(مَدَحَ) وەصفی بە چاکەی کرد (طَحَنَ) هاڕی (عَجَنَ) شێلای

(كَحَلَ) ڕشتی (وَهَب) بەخشی (فَعَلَ) کردی (حَرَثَ) کێلای

(رَكَبَ) سواربوو (عَلِمَ) زانی (رَحَضَ وَ غَسَلَ) بلێ شوشتی[1]

(سَمِعَ) بیستی (فَشَلَ) ترسا (مَنَعَ) نەیهێشت (قَتَلَ) کوشتی

(فَقِه) زانی (نحت) تاشی (ضَرَبَ) لێیدا (كَتَبَ) نووسی

(عَذُرَ) زۆربوو (نَزُرَ) کەم بوو (جَذَبَ) کێشای (سَأَلَ) پرسی

(صَعَبَ) سەخت بوو (سَهَل) ئاسان (بَسَط) ڕایخست (غَزَلَ) ڕستی

(سَعَلَ) کۆکی (فَزَعَ) ترسا (رَقَمَ) نووسی (عَقَدَ) بەستی

(كَثُرَ) زۆربوو (قَلَّ): کەم بوو (ذَرَع) پێوای (زَرَع): چاندی

(كَسَحَ) مالّی (عَمِلَ) کردی (دَرَأَ) زانی (قَرَأَ) خوێندی

---

(1)- شۆردی.

(تَبِعَ) دوای کەوت (خَلَعَ) دایکەنـد (کَنَسَ) مـاڵی (حَلَبَ) دۆشـی

(رَأی) نُـوارِی (وَجِلَ) ترسـا (طَعِمَ) خـواردی (شَرِبَ) نۆشـی

(جَعَلَ) گێـڕای (أبـی) نەیهێشـت (قَدِمَ) هـاتوو (قَطَعَ) بـڕی

(عَذَلَ) هـەم (لامَ) لۆمـەی کـرد (لَحا) ایضـاً (نَهَضَ) هەسـتا

(قَعَدَ) دانیشـت (جَلَسَ) ایضـاً (عَبَرَ) ڕابـورد (وَقَفَ) وەسـتا

کتێبێکی زۆر بەسوود، چیرۆکەکانی لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراون، بە زمانی شیرینی کوردی، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، ئێستا بڵاوکراوەتەوە.





ضَ ضِ ضُ   طَ طِ طُ   ظَ ظِ ظُ   عَ عِ عُ

غَ غِ غُ   فَ فِ فُ   قَ قِ قُ   كَ كِ كُ

لَ لِ لُ   مَ مِ مُ   نَ نِ نُ   وَ و وُ

ا	ب	ت	ث	ج	ح
خ	د	ذ	ر	ز	س
ش	ص	ض	ط	ظ	ع
غ	ف	ق	ك	ل	م
ن	و	هـ	لا	ء	ي

1586 9609

٠٧٧٣١٩٧٤٦٤٦

٠٧٥٠١٥٧١٨١٨

له بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان